# دەبرۆ ئەی سەدامی دیکتاتۆر مۆسکۆ نیوەی ڕێیەت بێ

**شاخەوان شۆڕش**
2003.4.13

9 ی ئەپریل رۆژی وەرچەرخان و کۆتاییهلتنی سەردەمی 35 سالّی دەسەلاّتی خوێناوی بەعسە لەمێژووی عێراقدا. بۆیە ئەم رۆژە یەکێ لەرۆژە مێژوویی و گرنگەکانی خەلّکی عێراقە بەهەموو نەتەوەو کەمینەکانیەوە, ئەوانەی لەسەرەتای بیستەکاندا خرانە ناو چوارچێوەی ستاتی تازە دروستکراوی عێراق. هەروەك ئاشکرایە نەتەوەی کورد دورلەخواستی خۆی ناچاری ناو ئەم قەوارە پۆلیتیکیە کراو لەو رۆژەوە دووچاری چەوساندنەوەو مالّوێرانی, بەعەرەبکردن و هەڕەشەی لەناوچوون بووەتەوە.. حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی بەغدا هەر هەموویان هەلّویستی دژانەو شۆڤینیانەیان بەرامبەر بەنەتەوەی کورد هەبووەو خەلّکی کوردستانیان لەهەموو مافە کەلتووری, ئابووری و رامیاریەکان بێبەش کردووەو وویستوویانە نەتەوەی کورد لەناو کۆمەلّگەی عەرەب بتوێننەوە. دیارە خەلّکی کوردستان وەك گەلێکی ئازا بەرەورووی ئەم بەعەرەبکردن و هەڕەشەیە بووەتەوە.

دڕندەترین و دیکتاتۆرترینی ئەم رژێمانەی بەغدا بێگومان رژێمی بەعس بووە کەلەسالّی 1968 وە دەسەلاّتی عێراقیان گرتەدەست و بەئاگرو ئاسن کەوتنە گیانی نەتەوەی کوردی بێ پشتوپەنا. ئەم رژێمە بەسەرکردایەتی سەدامی خوێنڕێژ هەر لەسەرەتای هاتنەسەرکاریەوە پرۆگرامی تایبەتی بەعەرەبکردن و پاکتاوکردنی دژ بەنەتەوەی کورد بەدەستەوە بووەو سلّی لەهیچ هۆکارو کەرستەیەك بۆگەیشتن بەئامانجە ناڕەواکانی نەکردووەتەوە. ئەم ڕژێمە بەدرێژایی 35 سالّی تەمەنی دەسەلاّتیان لەئازاردان, راونان, گرتن, راگواستن و کوشتنی کورد ماندوونەبوون. سەدامی دیکتاتۆرو رژێمە داگیرکەرەی هەر بە راونان و گرتن و سوتاندن نەوەستان و دلّی شۆڤینیانەیان ئاوی نەخواردەوە, بەلّکو کەوتنە ژینۆسایدکردن و کیمیابارانکردنی کوردستان. سەدامی فاشی هەر بەدزینی سامانی کوردستان دلّی ئاوی نەخواردەوە, بەلّکو کەوتە ئەنفالکردنی کوردستان و نەریتی داگیرکەرانەی باپیرانی بەرامبەر بەکوردان دووبارەکردەوە. سەدامی دیکتاتۆر مەبەستی وابوو, کورد لەعێراقێکی یەکڕەنگی عەرەبیدا بکاتە رابردوویەکی لەبیرکراو.

سەدامی سەرسەری وەکو مامۆستاکانی لایوابوو لەرێگای ئایدۆلۆژیا شۆڤینیانەکەی دەگاتە تەواوی ئامانجەکانی و دەتوانێ روخساری خاك و نەتەوەیەك بگۆڕێ, لایوابوو ئەم جیهانە بۆئەو گردراوەو ئەو مافی خۆیەتی بەئارەزووی خۆی هەلّسوکەوت بەخەلّکی کوردستان بکات و بڕیار لەسەر داهاتووی کورد بدات.

بەلاّم مێژوو جارێکیتر ئەو راستیەی دووپاتکردەوە کەوا هیچ دیکتاتۆرێك و ستەمکارێك هەرچەندی دەسەلاّتداربن و توانایان هەبێ ماوەی فەرمانڕەواییان کۆتایی دێت و دەچنە زبلّدانی مێژووەوە.

بەڵێ سەدام بەسەدامیەتی خۆی نەیتوانی کوردستان لەکورد پاك بكاتەوەو نەتەوەی کورد لەبۆتەی کۆمەڵگەی عەرەبدا بتووێنێتەوە. سەدام بەسەدامیەتی خۆی نەیتوانی کوردو کوردایەتی لەکوردستان جیابكاتەوە.

ئەتاتورك و رەزاشا نەیانتوانی کورد بتووێننەوەو گۆڕبەگۆڕ چوون, سەدامیش نموونەی ئەوان هەمان چارەنووسی بەرکەوت.

نەمر مامۆستا هێمن لەهۆنراوەیەکیدا سەبارەت بەشای دیکتاتۆری ئێران گوتی: **دبڕۆ ئەی شای خایین بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ,** منیش وەکو ئەو دەڵێم: **دەبڕۆ ئەی سەدامی دیکتاتۆر مۆسکۆ نیوەی رێیەت بێ**.